کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:19 23-5-2007

## گوشارەکانی نەوشیروان مستەفا لە ڕێگەی کۆمپانیای (وشە) بۆچی؟ ... چیا گەلاڵی

جیابونەوەی نەوشیروان مستەفا لە (ی ن ك) و دامەزراندنی کۆمپانیای وشە لە لایەن ناوبراو بوو بە باس و خواسێکی گەرمی نێو پانتایی سیاسی کورد و میدیاکانی کوردستان کە ئێستاشی لەگەڵدابێت ئامانجی سەرەکی ئەو دامەزراوەیە وەك خۆی خوێندنەوەی بۆ نەکراوە و کەم تا زۆریش بەڕەسمی بەرپرسی ئەو کۆمپانیایە ئامانجەکانی خۆی ڕون نەکردۆتەوە بۆ هیچ کەس و لایەنێك ڕەنگە بابەت گەلێك لەسەر ئەم دامەزراوەیەو ئامانجەکانی نوسرابن و وترابن بەڵام پێویستە هەموو لایەکمان لەوە تێبگەین ئامانجە ستراتیژیەکانی پشت دامەزراندنی کۆمپانیای وشەچین!

نەوشیروان مستەفا کە دڵنیا بوو لە شکست خواردنی لە پلینیۆم و هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی (ی ن ك) بۆ گووشار دروستکردن پەنای بۆ زۆرێك لەو ڕێگەیانە برد تا دوا جار سەرکەوتوو نەبوو دەرەنجام وازهێنانی خۆی لە سەرکردایەتی یەکییێتی ڕاگەیاند بەڵام بۆ گوشار خستنە سەر سەرکردایەتی یەکێتی و مام جەلال پەنای بۆ هەندێك کاری تر برد لەوانە دامەزراندنی کۆمپانیای وشە و کردنەوەی سایتەکەیان وەك دەسپێك بۆ ئەوەی گوشارێکی توند تر بخاتە سەر سەرکردایەتی یەکێتی بۆ ئەوەی بانگ بکرێتەوە بەڵام تا گەیشتوینەتە ئەمڕۆ سەرکردایەتی یەکێتی هیچ هەوڵێکی نەداوە و نەوشیروان مستەفای بانگ نەکردوە ئەوەش وایکردوە ڕۆژ بەڕۆژ نەوشیروان زیاتر بخاتە دڵە ڕاوکی کە ماوەیەکە کەوتۆتە خۆ و پەیتا پەیتا خەڵك دەبینێت و لە نێو ڕیزەکانی ڕێکخستنی (ی ن ك) یشدا نوێنەری داناوەو کە کەسانی سەر بەو ڕێکدەخەنەوە و سەرپەرشتیان دەکەن، بەشێکی زۆری دروستکردنی ئەو گووشارە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی یەکێتی ناچار بکات بودجەی لەگەڵدا بەش بکات کە ڕەنگە خودی نەوشیروان بگەیشتبێتە ئەو ڕاستیەی ئەم هەولانەی سەرناگرێت ویڕای ئەوەی تا ئێستا زیاتر لە (30سی ملیۆن $دۆلار) ی لە مام جەلال وەر گرتوە بۆ دامەزراندنی کۆمپانیاکەی بەپێی ئەو قسەیەی لە نێو ڕیزەکانی (ی ن ك) دا هەیە، هەندێك سەرچاوەی ئاگادار و چاودێرە سیاسیەکانی نێو خۆی کوردستان پێیان وایە ئەگەر نەوشیروان مستەفا تا مانگی 10 هەوڵەکانی بێهودە بێت و نەگاتە ئەنجامێك بەتایبەت ئەگەر لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتی بانگ نەکرێتەوە ئەوە بە دوور نازانرێت هەر لەو مانگەدا کە کۆنگرەی سێەمی تێدا دەبەسترێت حزبێك ڕابگەیەنێت و گۆبەندێك بۆ کۆنگرەی یەکێتی دەنێتەوە بۆیە لێرەوە ئامانجە سەرەکیەکەی نەوشیروان و کۆمانیای وشەمان بۆ دەربکەوێت کە زیاتر گوشار دەکەن بۆ زامنکردنی سەرچاوەیەکی دارایی بۆ بەڕێوە بردنی ئەو حزبەی کە لە ئایندەدا بە نیازە ڕایبگەیەنێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.